# حیزبی زیندو ، حیزبی مردوو

ڕەسوڵ سەفەریانی
www.weilan.kurdblogger.com



ژیانی ژێر دەسەڵاتی دیکتاتوری وپەروەردە بوون و بار هاتن لە مەکتەبی دارژاو بە پەنجەی بیرمەندان و موچەخۆرانی بن دەستی دیکتاتۆری ،ئینسان وا رادێنێ کە گوێ و هەست و هزری بە تەنیا بۆ یەک دەنگ و یەک بڕوا رابێنێ و بیستنی دەنگیتر وەک سەیر و دور لە قانون بناسێ و بە زیادەی بزانێ و وەک شتێکی تاواناوی سەیری بکات و چاوەڕێی ئەوە بکات کە لەلاییەکەوە ئەو دەنگە بخنکێندرێ تا هێمنی و بێدەنگی و یەکدەنگی وڵات نەشڵەژێت و شوشەی هێمنی دیکتاتورەکان نەشکێت.
بەداخەوە ئەم خووە وەها لە وجود و دەرونی ئێمەدا رەگی داکوتاوە کە سەرەڕای هات و هاواری رواڵەتی و لێدانی دەمامکی روناکبیری وخۆ بە سیاسەتوان و پارێزەری دەموکراسی ناساندن ،لەکردەوەدا کاتێ کە قازانجە تاکەکەسییەکانمان ئەچێتە مەترسی و کۆشکی شوشەیی دەسەڵاتمان ئەکەوێتە بەر پلاری بەردەوشەی حەق ،خڵتەی کۆنی فەرهەنگی یەکدەنگ و یەکبڕوایی لە دەرونماندا ئەلەرێتەوە و ئاوی راستی و سەداقەتمان لێڵ دەکات و دەبینەوە بە هەمان پەیکەرەی داتاشراو بەدەست دیکتاتورەکان و بە هەزاران، بیانو و پاساوی مودێرن و سەفسەتاوی دێنینەوە بۆ کردەوەکانمان.وشەگەلی داماوی " ئازادی" و" دیموکراسی" و.. دەکەینە خوو و خدەی شەخسی خۆمان و لایەنی بەرانبەریشمان دەدەینە بەر گوللە وشە گەلی وەک کۆنەپەرەست و نۆکەری بێگانە وخۆفرۆش و ..
وایرۆسی ئەم نەخۆشینە بەعام لە هەموو ئینسانەکانی پەروەردەی کۆمەڵگای ژێر دەس دیکتاتۆریەکاندا هەیە ، جا بەهۆی پلە و پایەی ئینسانەکان لە کۆمەڵگادا مەترسی و زەرەری پیشان دەدرێت .یانی لە ئینسانی پلە بەرز و خاوەن دەسەڵاتدا نەخۆشینەکە مەترسیدارتر دەبێت و زەرە و زیانیشی بۆ جەماوەر و هەموو کۆمەڵگا زۆرتر و فراوانتر دەبێت.
ئەحزاب و رەوتە سیاسییەکانی کوردیش جیا و دوور لەم دەردە نەبوون و نین . بۆیە هەر چەند مانگ جارێک یەکێک لە ئەحزاب تووشی قەیران دەکات و لە ئاکامدا تووشی شەق بوون و جیا بوونەوە دەبن. کۆمەڵەش وەک یەکێ لە سەرەکیترین ئەحزابی کوردستانی رۆژهەڵات ،تا ئێستا سێ جار توشی ئەم نەخۆشینە بووە و هەموو جارێ بەبێ کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی پێشو و دروست کردنی دژەژاری پێویست لە جەستەی پرۆگرام و پەیرەوە نێو خۆییەکانیدا بۆ پێش گرتن بە وەها کارەساتگەلێک ،وەک جارەکانی پێشو تەنیا بە تاوانبارکردنی یەکتر رێگەیان بۆ وەلانان و دەرکردنی بیر جیاوازان و خوازیارانی بەرابەری لە دەسەڵاتی حیزبیدا خۆش کردوە و بە بێ تێفکران لە قازانجەکانی گەلی کورد ،تەنیا لەبەر بەرچاو تەنگی وتەحەمول نەکردنی یەکتر ، بە شەقکردن و پرژو بڵاو کردنەوەی هێزەکان ،دوژمنی گەل و ئازادی ، واتە رژیمی ئیسلامییان شاد و گەلی کوردیان نائومێد و خەمبار کردوە.
وەک هەمیشە هەردولا یەکتر تاوانبار دەکەن و گوناه و خەتای دابڕانەکە دەخەنە ئەستۆی یەکتر.ئەوەی کە کێ راستە و کام لا ناراست و خەتابار، لە وەها ئاڵۆزی و جاڕ و جەنجاڵێکی دروستکراودا نادۆزرێتەوە.بەڵام ئەوەی کە بەتەواوی ئاشکرایە لایەنی زۆرینە لە جیا بونەوەی کەمینە زۆر شادن و ئەم خۆشحاڵییەیان (سەرەڕای وتەکانی کاک عەبدوڵڵە موهتەدی) پێ ناشاردرێتەوە و بە روخساری نوسراوەکانیاندا بەتەواوی دیارە. بۆ سەلماندنی ئەم قسەیە باش وایە سەرنجێک بدەینە نوسراوەکەی کاک ئەبوبەکری مودەرەسی لەسەر دەسکەوتەکانی کونگرەی دوازدە،کە دەنوسێ: "وەلانانی ئەو بیرۆکەیە و جەخت لەسەر یەکگرتوویی

**خەباتکارانەی ریزەکانی کۆمەڵە لە پێناو ئامانجە بەرزەکانیدا، گەورەترین سەرکەوتنی دوازدەهەمین کۆنگرەی کۆمەڵە لە پێناو رۆشن کەرەوەی ریگەی بەرەو پێشچونمان لەم سەردەمە هەستیارەدا بوو " وادیارە لەلای ئەم بەرێزانە ئامانجی سەرەکی کۆمەڵە بریتیە لە وەلانانی بیرجیاوازان و بیرۆکەی جیا لە بیری ئەوان ، جا ئەگەر ئەو وەلانانە بەشێوەی حەزفیش بێت.**

**لێرەدایە کە دیسان خڵتەی فەرهەنگی یەک دەنگ و یەک بڕوا ئاوی سەداقەتی سیاسی و بڕوا بە دیموکراسی و فرەچەشنی لیڵ دەکات و سەرکەوتن و گەیشتن بە ئامانج تەنیا لە یەکدەنگی و یەک دەلاقەییدا دەبینن. بە ڕای من ئەگەر کاک ئەبوبەکر و هاوڕێیانیان دلسۆزی راستەقینەی کۆمەڵە بووبایێتن دەبا لە بۆ هەل و مەرجی وەها کە دەبێتە  هۆی دەرکردن و وەلانانی جیا بیران ،بگریایەتن .چوون جیا بیری هەوێنی سەرەکی زیندو بوون و موتۆری سەرخستنی ئەحزابی راستەقینەیە.حزبی یەک دەنگ و یەک رەنگ حیزبی مردووە،حیزبی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکانە ،نەک حیزبی خەڵکی و خزمەتکاری ئامانجەکانی گەڵ.ئەندامانی چەپڵەژەنی کونگرەکان و کۆبونەوە حزبیەکان دەبنە موچەخۆرەکانی داهاتوی دەسەلاتە سەرەرۆکان و کۆپییەی پارڵمان و ئەحزابە دیکتاتۆرەکانی ناسراوی مێژوو.**

**هەر لەگەڵ جیا بوونەوەی لایەنی کەمینە ،هێرشی قسەی ناخۆش و تانە و تۆمەت لەلایەن لایەنگرانی باڵی بەرانبەرەوە دەستی پێ کردوە وبە دەیان نوسەر و زانا و کۆمەڵناس و سیاسەتوانی تازە، یەکشەوە سەریان هەڵداوە بۆ تۆمەتبار کردنی لایەنی تر و پاکانەکردن بۆ باڵی خۆیان . ئەمە چەن جارە ئەم بازنە بەتاڵ و بێ سەروبنە لە کۆمەڵەدا دوپات و چەنپات دەبێتەوە.هەموو جارێکیش لایەنێک دەبنە هەڵخەڵەتاو و لایەنێکیش دەبێتە پاوانخواز.بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە بە قەولی فارس وتەنی " خانه از پایبست ویران است" ئێمە دەبێ سیستمی فکری و ژێرخانی فەرهەنگیمان بگۆرین.تەحەموولی بیری جیاواز و پاراستنی مافی بەرانبەر وقانونمەند کردنی ئەو مافە و ئازادی ڕا دەربڕین،دەبێ بکرێتە بنچینەی سەرەکی بۆ یەکریزی حزبی.**